# زانین و دەسەڵات:
# خوێندنەوەی فوکۆ وەك خۆی

د. کەمال میراودەلی

## بەشی سێیەم

## ریزبەندیی شتەکان

لە نێوان ساڵی 1964 و 1965 دا فوکۆ کارێکی دیکەی گەورەتری ئەنجام دا، نووسینی کتێبە گرنگەکەی: ریزبەندیی شتەکان: ئارکیۆلۆجی زانستە مرۆڤییەکان. ئەم کارە ناوبانگی فوکۆی لە جیهانی ڕۆژاوادا بەتەواوی چەسپاند. ئەو کتێبە لە ڕێگای شیکردنەوە و لێکهەڵوەشاندنەوەی ئارکیۆلۆجی زانستەکانەوە، کۆزانی (مرۆڤایەتی) هیومانیزم خۆی لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێ..

فوکۆ هەر وەك لە کتێبەکانی پێشویدا ئارکیۆلۆجی بە مانای دۆزینەوەی ستراکتوورە شاراوەکانی زانین کە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا برەو پەیدا دەکەن و دەبنە چاوگەی دەسەڵاتدار (مرجع) بەکاردێنێ.

ئەم ستراکتوورە شاراوانە لەو گریمان و پێشچوون و پێشبڕیارە نائاگایانە پێك دێن کە لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا سنوورەکانی بیرو بیرکردنەوەی ئەو قۆناغ و سەردەمە دیاری دەکەن. ئەم ستراکتوورە بێئاگاو شاراوانە جیاوازن لە هەڵوێستی تاکە کەس و بۆچوونی خودیاریی و تەنانەت نەزانیی گشتی کۆمەڵ : ئەمانە هیچیان نین، بەڵکو جۆرێکن لە بۆچوونی عەقڵیی کە کار لە هەموو بیرمەندو ڕۆشنبیرەکانی سەردەمێك دەکەن.

بۆنموونە: مادام وا بیردەکرایەوە کە زەمین چەقی نێوەندی گەردوونە ئەوا مەحاڵ بوو بیر لە خوولانەوەی جیای ئەستێرەکان بکرێتەوە elliptical orbits هەروا بەبێ گەڵاڵەکردنی کۆزانی عەقڵ، کۆزانی (ناعەقڵ) نەدەکرا سەرهەڵدات.

## ئیپستیم episteme

فوکۆ: ئەو کۆمەڵە گریمان و پێشبڕیارو عەقڵییەتەی کە دەبێتە ستراکتوورو سنوور دیاریکەری بیر لە هەر سەردەمێکی دیاریکراودا ناو دەنێ: ئیپستیم.

ئەم وشەیە لە هەمان ڕەگی یۆنانی کۆنی وشەکە کە ئەو بەشەی فەلسەفە پێك دێنێ کە پێی دەوترێ ئیپستیمۆلۆجی epistemology وەرگیراوە. ئیپستمۆلۆجی لە زەمینەو هەلومەرجی سەرهەڵدانی زانین دەکۆڵێتەوە، بۆنموونە پرنسیپی: یەکرەوشیی consistency . ئێمە زانینی خۆمان لەسەر ئەو بنچینە هەڵدەچنین کە (زەوی) بە ڕەوشێکی زانراو دەجوولێتەوە کە هۆیەکی دیاریکراوو، هەمیشە ئەنجامێکی دیاریکراو بەدەستەوە دەدا. گەر

ئەمە ڕوونەدا ئەوە وای دادەنێین کە یەکەم هۆیەکە دەبێ گۆرانی تێکەوتبێت: ئەم گریمانەی یەکرەوشیی خۆی ناشێ ببێتە زانین کەچی یەکێکە لەو پرینسیپە فەلسەفییانەی زانینیان لەسەر بنیاتنراوە. لای فوکۆ ئیپستیم تەواوی ئەو گریمان و پێشبڕیارانەی سەردەمێك پێك دێنێ: عەقڵییەتی باوی سەردەمێکی تایبەتی.
ئیپستیم سنوورو ڕۆخبەندییەکانی ئەزموونی سەردەمێك، ڕاددەی زانینی ئەو سەردەمە و تەنانەت پێناسەو تێگەیشتنی ئەو سەردەمە سەبارەت بە ڕاستیی دیاری دەکات.
ئیپستیمێکی تایبەتی کۆمەڵە زانین و زانیارییەکی تایبەتی بەدەستەوە دەدات. فوکۆ ئەم کۆمەڵە زانینەی بە ئیپستیم دیاریکراوە ناو دەنێ : ئاخاوتن discourse
ئاخاوتن واتە خڕبوونەوەی کۆزانەکان و پراوەکان و ڕاگەیاندنەکان و باوەڕەکان کە لە لایەن ئیپستیمێکی تایبەتییەوە بەرهەمهێنراون.
فوکۆ لە پێشەکییەکەیدا بۆ ( ریزبەندیی شتەکان) سروشتی پێشینەی مێژوویی historical apriori ئیپستیم روون دەکاتەوە.
لە سەرەتای کتێبەکەیدا نموونەی ئیسکلوپیدییایەکی زیندەوەرانی کۆنی چینی دێنێتەوە. سەرنج دەدا چۆن گیانلەبەران لەو ئیسکلۆپیدیایەدا پۆلێن و ریزکراون. ئەو رێوشوێنەی ئەو ئیسکلۆپیدیایە بۆ پۆلێنکردنی زیندەوەران بەکاری دێنێ سەیرو نائاسایی دێتە بەرچاو. بۆنموونە ئاوا جیایان دەکاتەوە: ئەو زیندەوەرانەی ملکی ئیمپراتۆرن، ئەوانەی دەستەمۆکراون. ئەوانەی نیشانەکراون، هتد.
فوکۆ دەڵێ ئەم جۆرە پۆلینکردن و دابەشکردنە دەشێ بەلای ئێمەوە سەیرو سەمەرە بێ. بەڵام (جیاوازیی) و ( سەیریی) ئەو دابەشکردنە وامان لێدەکات تێبگەین کە سیستمی پۆلینکردنی خۆشمان ( رۆژاوایی)، بە پێداویستی راست و لۆژیکی نییە. ( راستی و لۆژیکی بوونی) سیستمەکە پێوەندیی بە هەلومەرجی توانیبوونییەوە هەیە، واتە هەڵبەستراوە contingent. ئێمە ئەو سیستمەمان بە پێی ئیپستیمێکی ( گریمانێکی کەلتووریی) خۆمانەوە داناوە. بەلای ئێمەوە چەشن و پێوەندی بایۆلۆجی زیندەوەران گرنگترە لەوەی ئەو زیندەوەرانە هی کێن. بەڵام ئەگەر سزای دەستدان لە حەیوانێك کە ملکی ئیمپراتۆرە، خەساندن بێ وەك لە چینی کۆندا باو بوو، ئەوا دەشێ بە شێوەیەکی دی بیر بکەینەوە.
ئەم نموونەیە ئەوە نیشان دەدا کە کۆبەندیی ریزکردن و پۆلینکردن (زانین) هەمیشە سنوورو رۆخبەندی خۆی هەیە.

ئارکیۆلۆجی زانستە مرۆڤییەکان
بۆ روونکردنەوەی ئیپستیمی بیری خۆراوایی و رۆخبەندەکانی فوکۆ لە (ئارکیۆلۆجی) زانستە مرۆڤییەکان دەکۆلێتەوە و لە ئیپستیمی سەردەمی نوێبوونەوە (ریناسیانس) ە وە دەست پێدەکات.

بە لێکۆڵینەوە فوکۆ دەری دەخا کە ئیپستیمی ڕینایسانس لەسەر بنچینەی ( لێکچوونەکان) similitude دامەزرابوو. ئەم مەبەستە هەر لە ڕێگای وەسفکردنی ( باوەڕی نیشاناسی) ڕوون دەکاتەوە. ئەم باوەڕە ناسکاری جۆری بیرکردنەوەی ڕینایسانس بوو.
بە پێی ئەم باوەڕە یەزدان هاوچەشنی affinity لە نێوان شتەکاندا بەهۆی لێکچوونەکانەوە یان نیشانناسەکانەوە دیارکردووە. بۆ نموونە orchid بە ڕوونی لە گون دەچێ ئەمەش وا نیشان دەدا کە بۆ چارەسەری نەخۆشی حەیوانی باشە. هەر بەم چەشنە گوڵەزەردەی celandine بۆ زەردوویی باشە. بەلای بیرمەندی سەدەی ڕینایسانس- ە وە جیهان بریتی بوو لە کتێبێك کە دەبێ بخوێندرێتەوە. لێکدانەوەو نیشانەو گرنگی میتافۆریی، نەك سەرنج و ئەزموونی زانستی، یاسای ڕۆژ بوون.
لەبەر پێشینەو خولیای پزیشکی پێشوو و بەردەوامی، فوکۆ ئەم بۆچوونە ئیپستیمییەی بە شێوەیەکی ورد لە مەیدانی زانستی پزیشکی و کیمیادا ڕوون دەکاتەوەو دروستی زاڵبوونی یەك ئیپستیم لەو مەیدانەدا دەردەخا.
بەڵام کەموتکردنیreduction هەموو زانستەکان و چالاکە زانستییەکانی ڕینایسانس بۆ یەك ئیپستیم جۆرە ساکاریکردنێکی گشتگرو نازانستی تێدایە. چونکە لەسەردەمی ڕینایسانس دا کەسان و چالاکی زانستی گرنگ هەبوون کە لەو ئیپستیمە بەدەربوون وەك پێشرەوی پزیشکیی پاراسیلسوس Paracelsus، ماتماتیکزان کاردانو فەیلەسوف کامپانیلای یان زانایانی گەورەی وەك کۆبرنیکۆس، گالیلۆ و هارڤی.
لە سەردەمی ڕینایسانس دا زیاتر لەیەك ئیپستم لەکاردابوون بەڵام دۆزینەوەکەی فوکۆ گرنگە بۆ نیشاندانی دەسەڵات و بەربڵاوی و کاریگەریی ( بێ ئاگای) ئیپستیمی باو. هەروەها فوکۆ بەپێی بۆچوونی دژ بە بەردەوامی و نێوەندێتی خۆی، گرنگی بەوە دەدا چۆن ئەو ئیپستیمە باوانە دەگۆڕین و وەك خۆیان نامێنەوە.

## ئیپستیمی سەردەمی کلاسیکی ( سەردەمی عەقڵ)

بازدانێکی گەورە لە کۆبەندی زانینی سەردەمی کلاسیکی (عەقل) ڕوویدا. ئێستا لە جیاتی ئەوەی بیر پشت بە پۆلینکردن و ڕیزکردن بە پێی (لێکچوون) ببەستێ گرنگی دەدا بە ( جیاوازی) distinction یان (لێکجیایی). پێوان و ئەزموونکردن جێگەی لێکدانەوەو شیکردنەوەیان گرتەوە. بەکارهێنانی (عەقڵ) بووە هۆی لێکجیاکردنەوەی شتەکان. ماددە کیمیاوییەکان ئێستا لە توخم یان کۆمەڵە توخمێك پێکهاتوون. زیندەوەرو ڕووەك وەك (چەشن) پۆلین کرابوون. زێڕ بۆ یەکەمجار بە پێوانەی کۆتایی ئاستی سامانی نەتەوە دانرا. لە هەموو ئەمانەوە زانین لەوە دەرچوو مەبەستێکی ئەکولتی occult بێ. زانین ئەنجامی سەرنجدانی زانستییە و بۆ هەموو کەس کراوەیە.

کەوایە ئیپستیمی سەردەمی کلاسیکی بریتی بوو لە نێوەندێتی دەوری عەقڵ – عەقڵ دەکارێ جیهانی دەرەوە لە رێگەی سەرنجدان و ئەزموونەوە بناسێ. بەڵام ئەنجامێکی چاوەرێنەکراوی ئەم ئیپستیمە ئەوە بوو کە دەوری بکەر ( سەبجێکت) ی فت کردەوە.
لە (ئیپستیمی کلاسیکی) دا بکەر نەبینراوە. (مرۆڤایەتی) خۆی وەك بابەتی لێکۆڵینەوە جێگای نەبۆوە.

ئیپستیمی سەدەی نۆزدە

ئیپستیمی (مرۆڤایەتی) وەلانەری سەدەی کلاسیکی لە سەدەی نۆزدەدا دیسانەوە پێچەوانە کرایەوە. ئێستا (مرۆڤایەتی) وەك بابەتێکی مێژوویی دەخوێندراو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا. زۆر بیرمەندی بۆچوون و رێباز جیاواز وەك داروین، هیگل و مارکس، ئەو بۆچوونەیان هەبوو کە مرۆڤایەتی لە رێگای (پەرەسەندنی مێژوویی) یەوە پێشدەکەوێ. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تا سەدەی بیستیش بەردەوام بوو. ئەنجامەکانی ئەم ئیپستیمە ناوەڕۆکی گەوهەریی بوونیاریی (سارتەر) بوون: کە جەختی لەسەر ( بوون بەر لە گەوهەر) دەکرد.
بە مانایەکی دی ئێمە خودی بنەرەتی گەوهەری خۆمان لە رێگای بوونمانەوە دروست دەکەین. ئێمە گەوهەرێکی پێشدراومان نییە. ئەم بۆچوونە (مرۆڤخوازییە) چەند ئاخاوتنێکی لێ پەیدا بوو.
لە بایۆلۆجی دا مرۆڤایەتی بوو بابەتی لێکۆلینەوەی مرۆڤناسیی (ئەنترۆپۆلۆجی).
لە ئابووریناسییدا سامان ئێستا بە کارو رەنجی مرۆڤ دەپێورا نەك بە زێڕ.
مرۆڤی خاوەن عەقڵ و خود، دامێن و دووربەندیی قووڵی پەیداکردن و بوو بە بابەتی سایکۆلۆجی.
بەڵام مادام هەموو ئیپستیمەکان نابەردەوامیی و بڕانیان تێدایە، ئەم حاڵەتەش شایانی بەردەوامبوون نییە.
فوکۆ دەنووسێ:
"بەر لە سەدەی هەژدەهەم مرۆڤ بوونی نەبوو. وەك ئارکیۆلۆجی بیر نیشانی دەدات، مرۆڤ داهێنانێکی سەردەمێکی نزیکە.. داهێنانێك کە رەنگە لە کۆتایی خۆی نزیك بووبێتەوە."
وەك هەندێ بۆچوون مەبەستی فوکۆ ئەوە نییە کە بەر لە سەدەی هەژدە مرۆڤ و مرۆڤایەتی باسیان نەکراوەو نەبوونە بابەتی زانین. مەبەستی فوکۆ ئەوەیە مرۆڤ وەك بابەتی ئاخاوتن و لێکۆڵینەوەی (زانستی) بەر لە سەدەی هەژدە نەبوو. تێگەیشتنەکانی مرۆڤ بەر لەوە کۆزانی ئاینی و رەوشتیی و رۆمانتیکیی بوون. مرۆڤ وەك بکەری مێژوویی و داهێنەری بیرو سامان، وەك خودو عەقڵی تاك، بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی نەبوو.
فوکۆ شوێنی مرۆڤ لە ئارکیۆلۆجی بیرو زانستدا باس دەکات – مرۆڤ وەك ئاخاوتنێکی ئارکیۆلۆجی.

دەربارەی ئایندەش وەك فوكۆ پێشبینی كردووە پێشكەوتنی زانستی و تكنۆلۆجی رەنگە ئەم تێگەیشتنە باوەی مرۆڤایەتی سەر لەبەر هەڵوەشێنێتەوە.
ئێستا مرۆڤ ئەو هێزە مەزن و تاك و نێوەندیی و بەردەوام و پیرۆزە نییە كە ئاین و زانینەكانی مرۆڤ ئاخاوتناندوویانە.
پێشكەوتنەكانی زانستی لەمەر DNA و پەیدابوونی زانست و ئەوسا تەكنۆلۆجی لەبەرگرتنەوە (كلۆنەكردن) cloning ئەوە دەردەخا كە مرۆڤیش تەنیا رواڵەتێكە لە پێشهات و رێكەوتنەكانی سروشت و ژیان و پاشە ڕۆژی وەك هەموو دیاردەیەكی دیكەی گەردوونی بەهەلومەرجی سروشتی و گەردوونی دەرەوەی خۆی بەستراوەتەوە. گۆرانە خێراكان لە سروشت و دەوروبەرو كۆبەندی ژینبەندی ئیكۆسیستم، ناسكیی و ڕێكەوتبەندیی و نابەردەوامیی زانست و شارستانی مرۆڤ دەردەخەن.

## ئیپستیم و پەرەدایم

لەو كاتەدا كە فوكۆ ئایدیای (ئیپستیم - زانگەی) پەرە پێدەدا، لە ئەمریكاش مێژوونوسێ زانست تۆماس. س. كوون Thomas S. Kuhn ئایدیای (نموونەزا - پەرەدایم) ی دۆزییەوە كە زۆر لە ئایدیای ئیپستیم دەچێ. لە كاتێكدا فوكۆ ئایدیای ئیپستیمی لە ڕێگای لێكۆڵینەوەی ئاركیۆلۆجی زانستە مرۆڤییەكان دۆزییەوە، كوون لە ریگای لێكۆلینەوە و شیكردنەوەی مێژووی زانست خۆیەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە مێژووی زانست بەردەوامی تێدا نییە بەڵكو بریتییە لە كۆمەڵێك بازدانی نموونەزایی یان (پەرەدایمییانە) ، یان ئیپستیمی بە زاراوەی فوكۆ، كە پێشكەوتنە مەزن و سەرنجراكێشەكانی زانست لێكدەدەنەوە، نەك پێشكەوتنێكی بەرەبەرەی بەردەوامی یەكهێڵیی.
دوای داهێنانە مەزنەكانی كۆپیرنیكۆس Copernicus و نیوتن Newton و ئەنیشتاین Einstein ، روانگەی ئێمە بۆ ژیان و جیهان بە شێوەیەك گۆڕا كە ڕابردووی زانستی تەواو فت كردەوە. هەر یەكێ لەو بیرمەندانە دامەزرێنەری ڕێگایەكی نوێی بیركردنەوەی داهێنانە كە بوون بە (مۆدێل/ نموونە) بۆ لێكۆلینەوە زانستەكانی داهاتوو.
دوای ئەنشتاین بیری كات، شوێن، مادده، وزە، وەك بیرێكی رەها نەمانەوە. ئەمانە هەموو بوونە شتێكی ڕێژەیی.
ئاكامێكی ترسناكی هەردوو بۆ چوونەكەی فوكۆ و كوون ئەوەیە كە زانست ،واتە راستیی خۆی، شتێكی ڕێژەیی یەو هەرگیز توانبووی ئەوە نییە بگەینە راستیی. هەموو راستییەك ڕێژەیی یە. لە سەردەمێكدا ئیپستیمێ یان پەرەدایمێ بە باشتر و بە سوودتر لە ئەوانی دی دادەنرێ، ئەوانە بەشێكی وێنەی ئەو شتانە دەگەیەنن كە روو دەدەن، بەشێكی وێنەی راستیی رووداوەكان و گۆڕانەكان.

گەر زانست ئامرازو ڕوانگەی زانستی ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستی شتەکان بن، دیارە ئەو ئامراز و روانگانە خۆشیان سنوور بەندن، خۆشیان رەهایی راستیی و سەرکەوتوویی گشتگرییان تێدا نییە.
چ هەستەکانمان، چ ئەو ئامرازو پێکارە زانستییانەی کە لە رێگای ئەزموون و عەقڵەوە دروستیان دەکەین ناتوانن نموونەزا یان زانگەی راست و درووست و هەمیشەیی زانین و پۆلینکردن و بڕیاردانی زانستییمان بدەنێ.

## 1964: فوکۆ لە تونس

لە ساڵی 1964 دا هاوخانەکەی فوکۆ دیفێرت Defert ناوی بۆ خزمەتی سەربازیی هاتەوە.. لە جیاتی سەربازی کاری خۆبەخشیی (ڤۆلنتەری) هەڵبژارد و ناردرا بۆ تونس تا لەوێ وانە بێژی بکات... دوای بە دوای ئەو فوکۆش وەزیفەیەکی پرۆفیسۆریی لە زانکۆی تونس پەیدا کرد و بەدوای دیفێرت کەوت بۆ تونس.
لە زانکۆی تونس سیمیناری دەربارەی نیچە Nietzsche پێشکەش کردن و زیاتر بیری ئیپستیمی لەلایەنی کوولتوورییەوە پەرەپێدا.

لەم دەمەدا هەندێ ڕەخنەگر (فوکۆ) یان بە (کانت) ێکی نوێ دادەنا و بیری (ئیپستیم) یان لەگەڵ بیری (پێشینەی لێکدراو) ی Synthetic apriori کانت بەراورد دەکرد.
کانت ئەم بیرەی لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا پێشکەش کرد. ئەو جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە تەنیا دەتوانین بەو شێوەیە دنیا ببینین وەك لە چاویلکەی (کات- شوێن)ەوە سەیری بکەین.
ئەو ماوەیەی لە تونس بوو، فوکۆ وەك فەیلەسوفێکی بەناوبانگ لە دوورەوڵاتی بەڕێز دەگیرا.

## سیاسەتاندنی فوکۆ

ئەم ماوە هێمن و بەلەزەتەی ژیانی فوکۆ لە تونس لە ساڵی 1966 دا تێکچوو.
لە دیسەمبەری ئەو ساڵەدا خوێندکارانی تونس دژی ڕژێمی ستمەگەری بورقیبە خۆپیشاندانیان کرد. بە هاندانی هاوخانەکەی دێفرێت، فوکۆ پشتگیری خۆی بۆ خوێندکاران دەربڕی. ئەمە بۆ یەکەم جار فوکۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سیاسەتەوە گلاند. جارێك فوکۆ لێدانی بە دەستی پۆلیس خوارد. هەندێ جار لە فلاتەکەیدا داڵدەی خوێندکارە خۆشاردووەکانی دەدا. بەڵام مانەوەی لە تونس مانای ئەوە بوو فوکۆ لە گرنگترین ڕووداوی سیاسی ژیانی گەنجێتیی واتە بزووتنەوەی خوێندکارانی 1968 بێبەش بوو. لە مانگی مایسی ئەو ساڵەدا خوێندکارانی پاریس تەواوی (لیفت بانك)یان داگیر کرد و پایتەختی

فەرەنسایان هێنایە وەستان. چالاککاران و فەیلەسووفانی لیفت بانک وتاریان بۆ خوێندکاران دەدا و بە بانگەواز و چەپڵەڕێزان پێشوازی دەکران. ڕاپەڕینی خوێندکاران ئەوەندە کاریگەر بوو کە تەنانەت (دیگول) خۆی، ماوەیەك، ورەی بەردا و بە نهێنی بۆ بنکەیەکی سەربازی فەرەنسی لە ئەڵمانیا هەڵهات. چەند حەفتەیەکی پێچوو تا پۆلیس توانی لیفت بانك بستێنێتەوە. بەڕێکەوت دیفرس ئەوسا لە پاریس بوو. بە تەلەفوون ڕۆژانە فوکۆی لە ڕووداوەکان ئاگادار دەکرد.

**سیاسەتی فەلسەفە و فەلسەفەی سیاسەت**

گەرچی فوکۆ بە هەزار میل لە پاریسەوە دوور بوو، لە ڕووداوەکانی پاریس و مانای مێژوویی و فەلسەفی ڕووداوەکان دوور نەبوو.

دووری لە پاریس بۆی لواند لە دوورەوە سەرنجی ڕووداوەکان بدا، نێوانێکی جوگرافی و دەروونیی لەنێو خۆی و ڕووداوەکاندا بهێڵێتەوە و بەشێنەیی و ڕوونی بیریان لێ بکاتەوە..

فوکۆ بەو ئەنجامە گەیشت کە جۆرێکی نوێی سیاسەت لە درووست بوون دایە.. سیاسەتێك کە دەکارێ کۆمەڵ بگۆڕێ و ئاقار و ڕواڵەتێکی نوێی پێ ببەخشێ. لە پرۆسەی ئەم گۆڕانەشدا بیر، فەلسەفە، فەیلەسووف دەبێ دەوریان هەبێ.

لەم لەحزەوە فوکۆ ڕێبازی خۆتێگەیاندن و چالاکی سیاسیی گرتە بەر و ئەو باوەڕەی لا درووست بوو کە (فەلسەفە)کەی ئەو بکرێتە ئامرازێکی سیاسی، ئامرازی گۆڕینی کۆمەڵ و بەرهەڵستکردنی دەسەڵات. ئەم بیرەی فوکۆ لە هەلومەرجێکی لە باردا هاتە بوون.

سەردەمی شەستەکان بوو: سەردەمی ڕاپەڕین و گۆڕینی ڕادیکالی... هەموو ستراکتوور و ڕواڵەتە کۆنەکانی بیر و دەسەڵات خرانە ژێر پرسیارەوە. هیچ شتێ پیرۆز نییە. هیچ دەسەڵاتێ ئەبەدی نییە. هیچ ڕواڵەتێ، بیرێ، باوەڕێ لە سەرووی مێژوو و کۆمەڵەوە نییە. هیچ شتێ مەحاڵ نییە. خواستی مرۆڤ، بەتایبەتی خواستی دینامیکی مێژوو: بیر و هێز و وزەی لاوان دەشێ هەموو خەونێ بکاتە ڕاستی، هەموو مەحاڵێك بکاتە حاڵێکی باو.. لە ئاستی ئایدۆلۆجی و لە ئاستی کردار دا، گۆڕان بوو بە ئامراز و مەبەست: ئازادی بیر، ئازادی ڕێکخستن، ئازادی سێکس، ئازادی هەڵبژاردنی بەرخواست و ئازادانەی تاکەکەس.

فوکۆ ڕووی کردە لاوە چالاکەکان.

ئەوانیش ڕوویان کردە دوا فەلسەفەی رادیکال، کە (کانتی تازە) وەك فوکۆ ناونرا بوو، پێشکەشی دەکردن.

لێرە بە دواوە جەماوەری فوکۆ فراوانتر و فراوانتر بوو. کارەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا وەردەگێڕان. کتێبەکانی سەر رەفەی کتێبخانەکانی جیهانیان پڕ کرد.

لە ساڵی 1968 دا فوکۆ گەڕایەوە پاریس. ئێستا تەمەنی لە چلی تێپەڕاند بوو، پیری پێوە دیار بوو، سەری دەڕووتایەوە.

بڕیاری دا سەری سفر کات. بلوزێکی سپی یەخەداری (پۆلۆ) و قاتێکی کاردوری Corduroy لەبەر دەکرد کە ئوتووی نەوێ. لێرەوە وێنەی فەیلەسووفی چاوێلکە لە چاوی سەر ڕووتاوە درووست بوو. بیرەکانی فوکۆ (فەسالێکی) فیزیکیان وەرگرت!
دوای گەڕانەوەی بۆ پاریس، فوکۆ یەکەم جار بوو بە سەرۆکی بەشی فەلسەفە (نەك پرۆفیسۆر) لە زانستگای Vincennes کە زانکۆیەکی رادیکال بوو- و مەیدانی پێکدادانی بیر و ئایدۆلۆژیا جیاجیاکانی گرۆیە چەپەکان بوو. دوایی فوکۆ بۆ (کۆلیژی فەرانسە) College De France هەلبژێردرا بەو نیازەی کە لەسەر ئاستی جیهانیدا جێگەی سارتەر بگرێتەوە کە ئەوسا پیر ببوو- و بوونیارییەکەی ڕوو لە کزی بوو.
لەبەر ئەو بایەخە زۆرەی بە فوکۆ دەدرا، ڕێگەی درا کە بۆخۆی ناونیشانی پۆستەکەی خۆی هەڵبژێرێ. ئەویش (پرۆفیسۆری کۆبەندی بیر) ی هەڵبژارد.

بیرەکانی نیچە Nietzsche میتۆدی جینۆلۆجی: یان پێوەندی نێوان زانین و دەسەلات.

لەوانەبێژییەکانی (کۆلیژی فەرانسە)یدا، فوکۆ گەڕایەوە سەر بیرە بنچینەییەکانی نیچە. لە کتێبی (جینۆلۆجی ڕەوشت)دا نیچە شوێن پێی بیرە رەوشتییەکانی سەردەم بۆ سەرەتاکانیان هەڵدەگرێ. بۆ نموونە نیچە نیشانی دەدا چۆن بیرە سەرەتاییەکانی مەسیحییەت وەك دینێکی کۆیلە، دەگەڕێنەوە بۆ دوا قۆناغی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیی (جەخت کردنی مەسیحیەت لەسەر بێفیزیی و سۆز و ڕەحم و پێشکەشکردنی لایەکەی دی دەموچاوت گەر زللەیان لێدای) ئەمانە هەمووی ئەو ناسکارانە بوون کە بە هۆیانەوە بێ دەسەلاتان مانەوەی خۆیان مسۆگەر دەکرد.
لە نیچەوە- فوکۆ میتۆدی جینۆلۆجی هێنایە کایەوە. لە سەرنجدان و پشکنینی پەرەسەندنی زۆر پێچزان discipline یان زانگەدا لە ئەدەبەوە تا پزیشکیی، جینۆلۆجی بە دوای مێژووی ئێستادا، ڕانەبردوودا، دەگەڕێ.
لێرە بە دواوە فوکۆ گۆڕانێك لە ئایدیای (ئیپستیم) دا دەکا. ئەو زیاتر باسی (ئاخاوتن) discourse ی هەر جۆرە زانینێك دەکا..
ئاخاوتن خواستی بەدەستهێنانی ڕاستییە. بەڵام ئەو خواستە ئەوە ڕەت دەکاتەوە ، یان وەلا دەنێ، کە تێی ناگات. بۆچ؟ چونکە ئەوەی تێی نەگا بێ کەڵکە. زانین هەمیشە ئامانج و مەبەستێکی هەیە. هەمیشە ناسکاری خواستی دەستبەسەرداگرتن و بە هی خۆ کردنی هەیە. زانین هەبوویەکی رووت و ئەبستراکت و بێلایەن نییە. زانست بۆ مەبەستی بەکارهێنانی دەخواسترێ و کاری بۆ دەکرێ. زانین و بەکارهێنانی زانین بۆ مەبەستی دیاریکراو، لێك جیا ناکرێنەوە.
زانین هێزێکی گەورە و نەچەسپاوە.

لەمەوە فوکۆ کۆزانی پێوەندیی لێکدانەبڕاوی نێوانی زانین و دەسەڵات (یان هێز) ی پێشکەش کرد.
خواستی نیچەیی گەیشتن بە ڕاستی، خواستی گەیشتنە بە دەسەڵات، بەدەستهێنانی هێزە.
ئەمەش پاڵنەرێکی غەریزەیی سەرەتایی هێزی مرۆڤە. لێرەوە، میتۆدی جینۆلۆجی فوکۆ ئەو مەبەستەی هەیە کە پێوەندی نێوان دەسەڵات و هەر جۆرە زانینێکی دیاریکراو (ئابووریی، ئەدەب، پزیشکیی، یاسا) شیکار بکات.
بەڵام فوکۆ بیروبۆچوونەکەی نیچەی وەك خۆی وەرنەگرت. ئەو جیاوازییەکی رادیکالی یەکجار گرنگی تێدا دروست کرد:
لای نیچە خواستی دەسەڵات و هێز لە تاکەکەساندایە. محەحمەدێ، ناپلیۆنێ، هیتلەرێ دەبنە نموونە و نوێنەر و دەربڕی ئەو خواستی دەسەڵات و زاڵبوونە بەهێز. ئەمە بیری سوپەرمانە، مرۆڤی هەرە بەرز و مەزن و بەدەسەڵات.
لای فوکۆ (دەسەڵات) لە خواستی تاکەکەسی سوپەرمان د انییە، بەڵکو لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دایە، لە دامودەزگاکان، لەو شوێن و بنکانە و دەزگا و ڕێکخراوانەی (زانین) یان تێدا بەرهەم دێت. لە هەموو ئەو شوێنانەدا پێوەندی زاڵبوون و ژێردەستبوون هەیە، پێوەندی هێزدار و بێ هێز، قسە ڕۆیشتوو و بەستەزمان، فەرماندار و ژێرفەرمان.
لە کارکردن و هەلومەرجی پراوەکردنی دەسەڵات لەو بوارانەدایە کە بۆشگاکانی دروستبوونی ئاخاوتن دروست دەبن. ئەو زانینەی لەوانەوە بەدەست دێ و ڕاستی هەموو بیر و تیۆرییەکان، مەرجبەندن Contingent. لەبەر ئەوە پێناسەی راستیی و ناڕاستییش لەو زانینانەدا دیسانەوە مەرجبەندن و رەها نین.
کەوایە ڕاستی رەها نییە. ڕاستی بەندە بەو هەلومەرجانەی دەسەڵات کە (زانین) ی ڕاست دروست دەکا، کە پێناسەی (ڕاست و دروست) دیاری دەکا. هەر ڕاستییەك، ڕاستییە دەربارەی ئەو هێز و دەسەڵاتەی ئەو جۆرە بیر و تێگەیشتنەی (راستیی) خزمەتی ئامانجەکانی دەکات.
تا ئەو راستییە ئەو خزمەتەی لەدەست بێ، ئەوا بۆ ئەو ماوە مێژووییەی تێیدا بەکارە بە ڕاست و دروست دەمێنێتەوە یان دەژمێردرێ. کە زانینەکە کەڵکی (دەسەڵات) ی پێوە نەما، ئەوسا ترازان لە راستیی زانینەکەدا پەیدا دەبێ.
نموونەی ئەمانە لە مێژوودا زۆرن. لە تێگەیشتنی بەتلیمۆس-ەوە Ptolemaic دەربارەی ئاسمانەکان کە هەزار ساڵی خایاند، تا مێژووی دوور و درێژی تری کیمیا.
تەنانەت دوو تێگەیشتنی ناکۆك و دژ بەیەیەکی زانست و راستیی دەشێ لە تەك یەکدا هەبن مادام هەردووکیان ئەو هێزەیان هەیە زانین بەرهەمبێنن و خزمەتی دەسەڵات بکەن بو نموونە ناکۆکی نێوان فیزیای کوانتۆم Quantum Physics و میکانیکی کلاسیکی Classical mechanics.
تەنانەت کۆزانی (دانەر یان نووسەر) لای فوکۆ، (ڕاستیی) ناگرێتە خۆی. هیچ نووسەرێك نووسەری بابەتەکەی یان کتێبەکەی نییە، بەڵکو کۆمەڵە هۆکارێکی دی کە لە دەرەوەی ئەون

و لە دنیای پێوەندی تێکەڵکراوو بە گرێ و گۆڵی نێوان زانین و دەسەڵات دان، نووسینەکەی بەرهەم دێنن. بکەر تەنێ دەورێکی پەراوێزیی هەیە. (ئەو باسە بە درێژی لە شیکردنەوەی کتێبی ئەرکیۆلۆجی زانیندا شی دەکەینەوە.)

ئارکیۆلۆجی زانین

ئەم کتێبە لە ساڵی 1969 دا بڵاوکرایەوە و شوێنی فوکۆی وەك فەیلەسوف و ڕێبەرێکی بیری تیۆرییکار سەلماند و لە دەرەوەی فەرەنسا دا بەگەرمی پێشوازی کرا، لە ناو فەرەنسادا حەسادەت و ترسی بیرمەند و نووسەرانی فەرەنسی لێ هاروژاند.
ئەو کتێبە بەیاننامەی تیۆریی و فەلسەفیی فوکۆ یە. ئەم کتێبە هەمووی وەردەگێڕمە سەر کوردیی و پارچە بە پارچە شی دەکەمەوە، بۆیە لێرەدا زیاتر لەسەری ناڕۆم.

بەدەنگهێنانی مێژووی عەزاب : مێژووی زیندان

لە زستانی ساڵی 1972 دا فوکۆ لە زانکۆی دەوڵەتی نیویۆرك State Anniversary New York لە بەفالۆ Buffalo وانە بێژ بووە. لە خانوو- و بینایە دەیان نهۆمییەکانی نیویۆرك دا فوکۆ جیهانی تەکنۆلۆجیای نوێی بینی کە هەموو شتێکی هەڵدەلووشی.. دیارە بە حوکمی پێشینەی خۆی لە دەزگا و دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا، فوکۆ داوای کرد سەردانی (زیندانی دەوڵەتی ئەتیکا) Attica state Prison بکات.
لەوێدا شتێکی تەواو جیای لە ئەزموونی تیۆریی خۆی بینی، شتێکی جیا لە زیندانەکانی فەرەنسا، کە لەوێدا دڵرەقی و سزا بە شێوەیەکی رووت، دەستیی، دڕندەیی، داوەشێنەر، دەبینران و دەنوێنران. لە زیندانی ئەتیکادا فوکۆ دەڵێ:
"ئەوەی یەکەمجار سەرنجی راکێشام دەروازەکەی بوو، وەك قەڵایەکی ساختەی دیزیلاند کە تێیدا ستوونەکانی چاودێری وەك قەڵاکانی سەدەکانی نێوەند داپۆشرابوون. لە پشت ئەو رواڵەتە ساختەوە کە هەموو شتێك لە بەرامبەریدا بچووك دەبۆوە، دەتوانی سەرنج بدەی کە شوێنەکە هەمووی لە مەکینەیەکی زل و زەبەلاحی لەناوبردن بەولاوە هیچی دی نەبوو. جۆرێك بوو لە گەدەیەکی (Stomach) زەبەلاحی بێ بن Prodigious کە هەڵدەلۆشێ، دەخوا، ورد دەکات و دوایی دەری دەپەڕێنێ.. کە هەڵدەلووشێ بۆ ئەوەی زیاتر ئەوە لە ناو بەرێ کە کۆمەڵ بە کردەوە لە ناوی داوە.""

بپێچەوە و سزابدە: لە دایکبوونی زیندان

لەم سەرنجانەدا، هەموو ئەزموونی ڕابردوو و بۆچوونی تیۆریی فوکۆ کۆبوونەوە: سادۆماسۆشیزم، کۆبەندی سزادان، فەلسەفەی زانین و دەسەڵات، لە هەموو ئاستێکی بیر و ژیاندا.. ئاخری هەموو ئەمانە لە یەك کتێبدا شوێنی خۆیان کردەوە: بپێچەرەوە و سزا بدە: لەدایك بوونی زیندان. گەرچی ناونیشانەکە (زیندان) ە، کتێبەکە هەموو دامەزراو و دامودەزگاکان دەگرێتەوە: زیندانەکان، خوێندنگەکان، کارگەکان، و تەنانەت خەستەخانەکان فوکۆ لە ئەنجامی سەرنجدان و شیکردنەوەی ئەو دامەزراوانە و پێوەندیی ئاخاوتن و دەسەڵات تێیاندا، کۆزانی دەسەڵات فراوانتر دەکا و قووڵتر شی دەکاتەوە.. لەو بۆشگایانەی دەسەڵاتدا، هێز تەنیا ئازاردان و چەوساندنەوەی ئەوی دی نییە. بەڵکو کار لە چەوسێنەرەوەش دەکات. هەموو ئەوانەی لە ناو سیستمی هێز و دەسەڵاتدا کار دەکەن، تۆڕێکی بە گرێ و گوڵی پێوەندی دەسەڵات پێکیانەوە دەبەستێتەوە.. فوکۆ ئەم پێوەندییانەی ناونان (مایکرۆفیزیکی دەسەڵات). لەم کتێبەشدا فوکۆ مێژوویەکی تازە، جیاواز، نەزانراو، لاوەکیی کراو، بێدەنگ کراو دەدۆزێتەوە و دەنووسێتەوە. مێژووی قوربانییەکانی دەسەڵات، بابەتەکانی سزا، مرۆڤانی سەربڕدراو و زیندانی کراو و چەوساوە.
لە لاپەڕەی پێشەکیدا فوکۆ وەسفێك لە بەڵگەنامەیەکی هاوکاتی سەدەی هەژدەوە، دەربارەی ئەنجامدانی لەسێدارەدانێك، دەنووسێتەوە. چ کەسێك هەیە ئەم وەسفە بخوێنێتەوە و مووچڕك بە لەشیدا نەیەت؟!
"کەسێکی فاناتیك بە ناوی رۆبەرت دەیمینز لە هەوڵدانیدا بۆ کوشتنی لویسی پازدە لە ڤێرسای لە 2 ی مارتی 1757 دا سەرکەوتوو نابێ. داوای لێدەکرێ لەبەردەمی (کەنیسەی پاریس) بریبەهای شەرەفمەندانەی کارەکەی بدات.
ئەم ڕستە بە رواڵەت ساکارە ئەم جۆرە ڕێچواڵەی زیندانیەکە بوو:
لەسەر سەکۆیەك دەوەستێ، گۆشتی سەرمەمکی، قۆڵەکانی، رانی، ناوگەڵی پارچە پارچە بە شیشی سوورکراوە، لێدەکرێتەوە، دەستی ڕاستی کە گوایە چەقۆکەی بۆ تاوانی کوشتن پێگرتووە، بە سلفۆر دەسوتێندرێ، لەو شوێنانەش کە گۆشتەکەی لێ دادەماڵدرێ، مسی تواوەی داخ، زەیتی لەکوڵ، رەسینی سوتێنەر و مۆم و سلفۆر، بە تێکەڵی رۆدەکرێن، ئەوسا لەشی بە چوار ئەسپ لە چوار لای جیاوازەوە ڕادەکێشرێ و دەکرێ بە چوارپارچەوە، و قۆڵ و قاچی ئاگر هەڵیان دەلووشێ.. ئاخری لەشی دەبێ بە خۆڵ و خۆڵەکەشی دەدرێتە دەم با.""
چوار لاپەڕەی کتێبەکە بریتین لە وەرگرتنی ئەم جۆرە وەسفانەی کوشتن بە ئازاردانی سادیانەیە. لەگەڵ ئەم ریچوالانەی گۆشت بڕین و داخ و سووتان و لەت و کوت کردن، هاوار و چریکەی قوربانییەکان، تۆمار کراوە. فوکۆ سەرنج بۆ وەسفی جەلادەکەش ڕادەکێشێ کە ناوی سامسۆن Samson بووە. ئەو بە زەحمەت بۆی دەکرێ هەموو گۆشتەکە لەسەر ئێسقانی دەست و پێ و سنگی داماڵێ، بۆیە بە وردی چەند جار هەوڵەکەی دووبارە دەکاتەوە، شیشە داخەکان بە ناو گۆشتەکەدا شۆڕدەکاتەوە و بایان دەدا..

ئەوسا فوکۆ دێتە سەر پرۆسەی چوار پارچە کردنی زیندانییەکە بە هێزی چوار ئەسپەکە. کە ئەو چوار ئەسپە ئەو کارەیان پێ ئەنجام نادرێ، دەیان کەن بە شەش ئەسپ، هێشتا ئەسپەکان هەر ناتوانن چوار پارچەی لەت کراوی لەشی زیندانییەکە ڕاکێش کەن. بۆیە ئاخری سامسۆن ئەو کارەش دەکا: بە چەقۆیەکی گەورەی تیژ لەشەکە دەکا بە چوار پارچەوە!
فوکۆ دەریدەبڕێ بۆچی ئاوا بە شێوەیەکی گرافیکی ورد و درشتی ئەم سزادانە دەگێڕێتەوە؟!
دیارە ئەمە هەستمان دەشڵەژێنێ و میزاجمان تێك دەدا. بەڵام ئەمە مەبەستی فوکۆیە.
ئەوسا (سزادان) کەلتوورێکی دیکەی هەبوو.. ئێستا کەلتوورێکی دیکەی جیای هەیە.
لە هەردوو حاڵەتدا مەبەست و ئەنجامی سزادان سەپاندن و چەسپاندنی هێز و کۆبەندی دەسەڵاتە.
بەڵام ئێستا شێوەی پراکتیکەکە گۆڕاوە. فوکۆ نموونەیەکی دیکە دەخاتە ڕوو: ساڵی 1837، فوکۆ بەمە ڕوونی دەکاتەوە کە لەدایك بوونی زیندان لە دەوروبەری دەسپێکی سەدەی هەژدە ڕوویدا کاتێك لە سێدارەدانی سەیرانیی و ئەشکەنجەدان جێگایان بۆ گرتن و زیندانی کردن خۆش کرد.
لەجیاتی ئەوەی لەشی تاوانبار لەناوبەرێ، کۆمەڵ (کۆنترۆڵی کرد) کرد، دەستی بەسەردا گرت.
لەو کاتەوە (لەش) بووە بە بابەتی دەسەڵات. گۆڕانی دیکە لە کۆمەڵدا بۆ سەلماندن و بە کاربردنی ژێر دەسەڵاتکردنی (لەش) هاتنە گۆڕێ. لە ناو سووپادا مەشقی توند و تۆڵ دامەزرا. کارخانەکانی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی پێویستیان بە هێزێکی کاری ڕێکخراوە و پێچراوە بووە. ئەمە ئەو ساتە وەختە بوو کە ناپلیۆن بناغەکانی فەرەنسای نوێی دادەنان.
لەگەڵ ئەم گۆڕانە دیسیپلینکارانەدا، گۆڕانی فراوانتر بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵ پێشکەش کران:
سیستمێکی دادوەریی نوێ، یاسا و ڕێسای تازە بۆ ڕێکخستن، کاروباری کۆمەڵایەتی، هەوڵدان بۆ دەسبەسەرداگرتنی زۆر لایەنی ژیانی خەڵك. شێوە ژیانی سادە و بەرەڵای لادێ جێگایان بۆ ژیانێکی شاری ستراکتوور کراو و ڕێکبەندکراو چۆڵ کرد.
فوکۆ ئەم پرۆسەیە لەگەڵ مایکرۆکۆزمی لەدایکبوونی زیندان سەرنج دەدات. دەزگای سزادان Penal institution لەبەر هەستی مرۆڤخوازیی و سۆزداریی چاکسازان و لەبەر ئەوەی ئەوان گۆڕانی مرۆڤدۆستانەیان لە یاسای تاوانکاریدا کرد، درووست نەبوو. بەڵکو ئەنجامێکی سروشتیی ئەو کۆمەڵە ڕێکبەندکراو و پێچراوە بوو کە خەریك بوو سەری هەڵدەدا.
ئەو هێزە زبرەی کە پێشتر بە زەقی دەبینرا و لەشی دەهاڕی و لەت و پەتی دەکرد، ئێستا بە جۆرێکی دی خۆی دەردەبڕێ: ئێستا دەسەڵاتی خۆی بەسەر لەشدا دەسەلماند.
لە زیندانەکاندا، لە خوێندنگاکاندا، لە کارگەکاندا، لە سووپادا، لەش خرایە ژێر فەرمانی پێچانەوە (دیسیپلن) و چاودێرییەوە.

چاوی تەماشا کردن و چاودێری کردن و پشکنین و بەدواکەوتن و سەرنجدان، بوو بە نێوەندی پراوەکردنی دەسەڵات. فوکۆ لێرەدا نموونەی کلاسیکی (پانۆپێسیکۆن)ی Panopticon جێریمی بێنثام Jeremy Bentham بۆ زیندانەکان بە نموونە دێنێتەوە. مانای پانۆپتیکۆن-(هەمووبین) ە. پانۆپتیکۆن بریتی بوو لە بینایەکی شێوە گومبەز، کە لەژێر ناوقەدی بیناکەوە سەکۆیەکی چاودێریکردن بەرزکرابۆوە. لەم سەکۆیەوە، چاودێرێکی نێوەندی زیندانەکە دەیتوانی چاو لە جم و جۆڵی خانەکانی زیندانەکە لە خوارەوە بکات. بۆیە هەر یەك لە زیندانییەکان لەوە بە ئاگا بوو کە لەهەر لەحزەیەکدا جم و جۆڵەکانی لەژێر چاودێریی دان.

بەلای فوکۆوە ئەو (سەکۆیە هەموو بینە) ئارکە نموونەی (سەر نموونەی) کۆمەڵی نوێ بوو. کۆمەڵێك کە لەسەر بنچینەی پێوەندی ئەندامیی نێوان دەسەڵات و زانین دامەزرابوو.

بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بەسەر لەشدا زامن بکرێ، دەبوو لەش دەزگایی بکرێ، ئەو دەزگایانەش (زیندان، خەستەخانە، کارخانە) دەبوو زانینی بەردەوام دەربارەی مرۆڤە ژێر دەسەڵاتکراوەکان بە دەست بێنن. لە زیندانندا چاوی زەقی چاودێر سەرچاوەی ئەو زانینە بوو.

**تەکنۆلۆجی دەسەڵات**

بەڵام لێرەدا دەسەڵات خۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا دێت.

دەسەڵات هیچی تر شتێکی بەرجەستە نییە. دەسەڵاتێکی ڕەها نییە کە (یەك کەس) وەك پادشای فەرەنسا لویسی چواردە هەیبێت.

ئێستا هێز، دەسەڵات بوو بە (تەکنۆلۆجی): واتە تەکنیکێك، هونەرکارییەك، کە کۆمەڵ بۆ ڕێکبەندکردنی ئەندامەکانی بەکاری دەهێنێ. تاکەکەسی نوێ لە نێو ئەو هەموو یاسا و ڕێسا و ڕێکبەندانانە درووست کرا. ئەمە دەشێ لە ئەرکیتایپی (سەرنموونەی)، (داندی)دا خۆی دەرخات Dandy. داندی لە بری ئەوەی ڕێگە بدا تاکێتییەکەی لەدەست بدا، هەستی بە پێویستی ئەوە کرد کە خۆی لە شێوەیەکی زۆر زەق و دیار و ڕازاوەدا دەرببڕێ بەشێوەیەك کە یاسا و ڕێسا زۆربووەکان بشکێنێ.

**لەدایك بوونی زانستەکان و لەدایکبوونی زیندان**

لەدایکبوونی زیندان هاوکات بوو لەگەڵ لەدایکبوونی زۆر لە زانستە کۆمەڵییەکان: لەوانە تاواننناسی (کریمینۆلۆجی Criminology) کۆمەڵناسیی و سایکۆلۆجی (دەروونناسیی). زیندانییەکانی کۆبەندی سزادان دەکرا بخرێنە ژێر پشکنین و لێکۆڵینەوەی (زانستییەوە) و پێناسە بکرێن، هەروەك چۆن لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆزانی شێتیی، زاراوەکانی عەقڵ و ژیریی و ئاسایی بوون، هاتنە کایەوە.

دەسەڵاتی کۆمەڵ بەسەر گیراوەکانیدا بەدەرکەوتنی زانستی نوێ پەرەی سەند: ئابووریی ، مێژوو، جوگرافیا و هەموو لەو ماوەیەداررواڵەت و ناسکاریی زانستییان وەرگرت. پێوەندی نێوان زانین و دەسەڵات بووە هۆی زیاتر بوونی تێگەیشتنی مرۆڤ دەربارەی خۆی و کۆمەڵ، هەر لەو کاتەدا بووە هۆی زیاد بوونی کۆنترۆڵ بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵدا.

## کارتێکردنی دیرکهایم

ئەم بیرانەی فوکۆ، وا لێکدرانەوە، کە کارتێکردنی دامەزرێنەری سۆسیۆلۆجی نوێ (کۆمەڵناسیی نوێ) فەیلەسوفی فەرەنسی ئیمیل دیرکهایم یان Emile Durkheim بەسەرەوە بێ. دیرکهایم ئاخاوتنەکەی دژی ئەو بیرە ئەمریکی/بەریتانییە یە کە مرۆڤی تاك و بەرژەوەندییە تاکەکانی بناغەی کۆمەڵ پێك دێنن و کۆمەڵ خۆی تەنیا ئایدییایەکی ساختە و بۆشە.
دیرکهایم جەختی لەسەر پێشگرنگیی کۆمەڵ و کارکردنی لەسەر تاکەکەس کرد. ئەو جەختی لەسەر ئەوە کرد کە پێکهاتەی کۆمەڵ بە بیر و باوەڕی مۆراڵی هاوبەش سازندە و بەهێز دەبێت. و هەوڵی دا کە بەدوای هەوی کۆمەڵایەتییدا بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی ناڕێکیی و ناکۆکیی کۆمەڵایەتیی بگەڕێ.

## مێژووی حەزداریی

لە ساڵی 1975دا فوکۆ گەڕایەوە زانستگای کالیفۆرنیا لە بێرکلی University of California ئەوسا نزیك لەو زانستگا و لە سان دیگۆ (هیربەرت مارکۆز)ی مارکسی Herbert Marcuse کتێبی (مرۆڤی یەکدامێنیی) One Dimensional man بڵاو کردبۆوە، لەو کتێبەدا یەك-لایەنیی ژیانی مرۆڤی ڕۆژاوایی هەڵدەوەشێنێتەوە. کالیفۆرنیاش ناوجەرگەی بیر و بۆچوون و ئایدیای تازە بوو. دوابەدوای شۆڕشی کۆمەڵایەتی شەستەکان، شۆڕشی تیۆریی حەفتاکان لە زۆر مەیدانی زانیندا بەرپا بوو، لەو هەلومەرجەدا، هەموو شتێ شایانی سەرنجدان و گوێپێیدان و بە گرنگ وەرگرتن بوو.. فوکۆ توانی رەنگێکی تیۆریی بە هۆمۆسێکچواڵیتی و حەز و گەڕان بە دوای لەزەتدا بدات. فوکۆ بڕیاری دا مێژووی (حەزداریی) یا حەزکاریی Sexuality لە سێ بەرگدا بنووسێ.
بەرگی یەکەم:
یەکەم بەرگی بە ناوی: پێشەکییەك بۆ حەزکاریی An introduction to sexuality لەم کتێبەدا فوکۆ لە پەرەسەندنی ئایدیای حەزکاریی لە بیری ئەوروپاییدا دەکۆڵێتەوە. فوکۆ وای بۆ دەچێ کە لە دوای سەردەمی هەستانەوە (ریناسانز) حەزداریی بەهێزە سەرکوتکارەکانی کۆمەڵ خزاندرایە ناو (خۆ) وە یان ناوەوەیی کرا Internalise، پزیشکی و

دەرمان دەسەڵاتیان بەسەر (لەش) دا دەنواند و حەزی سێکسی خرایە ژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە.

.

بەرگی دووەم:

لە بەرگی دووەمدا فوکۆ دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی حەزداریی لە سەردەمی یۆناندا. ئەم سەردەمە حەزداریی و هەوەسکاریی لە برەودا بوون. فوکۆ لە لێکۆڵینەوەکەی دا ئەوە دەردەخا کە لەو سەدەمەشدا حەزداریی بە کۆدی ڕەوشتی کۆمەڵایەتییەوە بەند کرا.

بەرگی سێیەم:

لەم بەشەدا فوکۆ لێکۆڵینەوە مێژووەکەی دەربارەی حەزداریی دەگەیەنێتە سەردەمی ڕۆمەکان... لێرەدا فوکۆ سەرهەڵدانی (کلتووری خود) دەستنیشان دەکا و ئەوە نیشان دەدا چۆن (خۆیی بوون) بوو بە هەڵوێستێك، بە جۆرێك لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، کە پرۆسە و ڕێوشوێنییان بۆ داندرا و سەرنجیان دەدرا و گەشەیان پێدەدرا و فێر دەکران. بەم شێوەی خۆیی بوون بوو بە پراکتیسێکی کردەوەی کۆمەڵایەتی و پێوەندی نێوان کەسانی دیاری دەکرد. ئەم جۆرە پێوەندییانە هەندێ جار لە دروستبوونی دامەزراوەی کۆمەڵایەتیدا خۆیان دەردەخست.

دا فوکۆ بەرگی سێیەمی مێژووی حەزداریی لە مایسی1982دا بەرهەمهێنا. دوو حەفتە دوای ئەوە لە 2 ی حوزەیرانی 1984 دا، نەخۆش کەوت و خرایە خەستەخانەوە. نەخۆشییەکەی ماوەی دوو ساڵی خایاند و تا دەهات لاواز و بێهێزتر دەبوو. دوایی دەرکەوت کە فوکۆ نەخۆشی ئەیدزی Aids هەبوو. لە 25 ی حوزەیراندا فوکۆ مرد. سەدان کەس بە زۆری ڕۆشنبیران و بیرکارانی گەورە، لە ناشتنی تەرمەکەیدا بەشداریان کرد.